# کاریگەریی قوتابخانەی ئەپۆلۆ لەسەر شیعری ئەحمەد هەردی

هاوژین عەبدولخالق غەریب



پێشەکی:

بێگومان مرۆڤ لەهەموو بوارەکانی ژیان بەرەو رووی کاریگەری زۆر ئەبێتەوە، ئەو کاریگەرییەش ئەبێتە هۆی شارەزابوونێکی زیاتر لەو جیهانەی کە لەدەوروبەریایەتی، ئەتوانین بڵێین کە ئەدەب یەکێکە لەو بوارانەی کاریگەریی دەبێتو کاری لێ ئەکرێت.

وەکو ئاشکرایە مرۆڤ بەهیچ جۆرێك نەیتوانیوە بەتەنها بژێتو بەتەنها ئیش‌وکارەکانی بەڕێوەبەرێت، بێگومان ئەدەبیش کۆکراوەی کۆمەڵگایەکە لەڕێی ئەو بەرهەمانەوە ئەچێتە ناو بازنەی ئەدەبی جیهانییەوە.

لە سەرەتاشدا ئەدەب بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە، بەڵکو بە چەند قۆناغێك تێپەڕیوەو هەر یەك لەو قۆناغانە گرنگیی خۆی

هەبووە لەو سەردەمەدا، کە ئەدەبێکیش دەرکەوت بێگومان ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە بووە بەهۆی دەرکەوتن‌و بەرامبەر بەوە ئەبێت لەوە بکۆڵینەوە کە ئەم ئەدەبە تا چەند کاری کردۆتە سەر ئەدەبی گەلانی ترو تا چەند ئەدەبی میللەتانی پێوە پەیوەست بووە.

ئەم کاریگەری‌و کارلێکردنە ئەدەبی جیهانی دروست دەکات‌و ئەگەر ئەمە نەبوایە ئەدەبیش پێش نەکەوت، بۆ نموونە ئەدەبی ئینگلیزی کاریگەری زۆری هەبووە بەسەر ئەدەبی عەرەبییەوە، کە بەچەند قۆناغێك تێپەڕیوەو چەند قوتابخانەیەکی هەیە، لەوانە قوتابخانەی (ئەپۆلۆ) کە لێرەدا باسی ئەکەین..

## -سەرهەڵدانی قوتابخانەی ئەپۆلۆ:

قوتابخانەی ئەپۆلۆ لەساڵی 1932دا لەقاهیرە دروست بوو لەسەر دەستی د.ئەحمەد زەکی ئەبو شادی، لەسەر بناغەی بەراوکردنەوەی شیعری عەرەبی‌و ئاستی شاعیرانیش بەرزبکرێتەوە لەڕووی ئەدەبی‌و کۆمەڵایەتییەوە، ئەندامەکانی بریتی بوون لە(خەلیل مەتران) کە جێگری سەرۆکی ئەم قوتابخانەیە بووە تا ماوەیەکی زۆرو شاعیرانی تری وەك عەلی مەحمود تەها و ئیبراهیم ناجی‌و ئەبولقاسم‌و ئەلشابی‌و ساڵح جەودەت‌و حەسەن کامل ئەلسیرفی‌و سەید ئیبراهیم‌و ئیسماعیل سری ئەلدهشان‌و زەکی موبارەك‌و رەمزی مفتاح.

ئەم قوتابخانەیە گۆڤارێکی مانگانەی دەردەکرد بەناوی (ئەپۆلۆ)وەو زۆربەی بەرهەمەکانی ئەدیبانی ئەم قوتابخانەیە لەسەر بناغەی رۆمانسی بوو، کە ئەبوایە ئەو بەرهەمانە وێنەی هەستەکانی مرۆڤ بێت‌و بیروبۆچونەکانی دەرخات لەشێوازو وشەی جوان‌و قەشەنگ‌و خەیاڵێکی فراوان، کە ناخی شاعیرەکە دەربخات.

ئەم قوتابخانەیە سوودێکی زۆری بەخشی بەهەندێ لە گەنجانی ئەو سەردەمە، وەکو (ابو القاسم الشابی) کە شیعری زۆری بۆ بلاوکرایەوەو گرنگترینیان (صلوات فی هیکل الحب) کە پێی ناسراو لەوەوپێش نەناسراو بوو.[1]

ابو القاسم الشابی لە شیعرەکەیدا ئەڵێت:

| | |
|---|---|
| عذبة انت کالطفولة، کالأحلام | کاللحن کالصباح الجدید |
| کالسماء الضحوک کاللیلة القمراء | کالورد، کابتسام الولید |
| یالها من وداعة وجمال | وشباب منعم املود![2] |

## ئەندامانی قوتابخانەی ئەپۆلۆ:

قوتابخانەی ئەپۆلۆ شاعیری زۆری لەخۆی گرت لەسەرجەم وڵاتە عەرەبییەکانەوە، کە هەموویان ئەیان ویست بەرهەمەکانیان بلاوبکەنەوە، لەوانە (محمد عبدالغنب-حسن کامل الصیرفی- عبدالعزیز عتیق- سهیر القلعاوی- جمیلە العلایلی) ئەم قوتابخانەیە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر شاعیرانی گەورە، کە کاریان لێ کرابوو لەڕووی زەمینە رۆمانتیکەیەکەو سوودی ئەو مشتومڕە ئەدەبیانەی کە ئەکراو لەڕێگەیەوە خۆیانیان ناساند.




ئەم قوتابخانەیە زۆر نەژیا بەڵکو لەدوای ساڵی سیّهەمەوە کۆتایی پیّهات، بەڵام کاریگەریەکەی تا ماوەیەکی زۆر هەر مابوو، لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە یەك لەدوای یەك بەردەوام بوون لەسەر پیّشکەشکردنی بەرهەمەکانیان‌و لەهەموویان زیاتر سەرۆکی ئەم قوتابخانەیە (احمد زکی ابوشادی) کە بەشیّوە غەمباریەکە ناسرابوو و بەشیّوازە شیعریەکەی کە لەسەر بنەمای روون‌و کارلیّکردن خەملّیبوو.

یەکیّك لە شاعیرە هەرە گرنگەکانی ئەم قوتابخانەیە (خلیل مطران) بوو کە بەڕاستی بە نویّنەری تازەگەری دادەنریّت لەشیعری عەرەبیدا، ئەم شاعیرە بنەمای قوتابخانەی ئەپۆلۆی دروست کردو گرنگترینیان (یەکیّتی هونەری‌و بابەتی) لەشیعری نویّی عەرەبیدا، ئەم بابەتە زۆرەو نامۆ نییە بۆ شاعیریّك ئاگاداری شیعری فەرەنسی‌و رۆمانتیکی بووە بەتایبەتی (ئەلفرید دی موسیە) کاری لیّ کردبوو لەهەندیّ بابەت کە لەدیوانەکەیدا هاتبوو، بۆ نموونە هۆنراوەی (الجنین الشهید) کە لاسایی هۆنراوەی (رولد)ی (ئەلفرید دی موسیە) کردبووەوە.[3]

(خلیل مطران) هەوڵی ئەوەی دا شیّوازی هونەری چیرۆك بئاخنیّتە نیّو شیعرەکانی‌و بەردەوام داوای (سەروای یەکگرتوو)ی دەکرد هەتا کۆتایی ژیانی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنیّت کە خەلیل ئەو شاعیرەیە کە هەراوزەنایەکی گەورەی نابیّتەوە لە شیعردا یان هوشیاریی باوی لەقاندبیّ وەکو ت.س ئیلیوت دەڵیّت.[4]

یەکیّ لەبابەتە هەرە گرنگەکانی رۆمانتیکییەتی عەرەبی گوزارشت کردن بوو لە سروشت، وەك چۆن رۆمانتیکیەکانی رۆژئاوا وەکو (وورد زورپ- بایرۆن- شیللی- شاتو بریان- لامارتین- گۆتە) گوزارشتیان لیّ ئەکرد.

سروشت ئامانجی ئەو شاعیرانە نەبوو، بەڵکو ریّگایەك بوو بۆ گوزارشت لەخەونەکانیان، بۆ نموونە هۆنراوەی (المساء)ی (خلیل مطران) بەیەکیّك لە هۆنراوە هەرە گرنگەکانی ئەم بابەتە دادەنریّت، کە زۆر دەلالەتی سایکۆلۆجی لەخۆدەگریّت‌و زۆر بەئاشکرایی ئەو سۆزو هەستە ناسکانەی ئەخاتەڕوو. کە یەکیّك لەو شاعیرانە باس لەسروشت دەکات ئەوە زیندەگی‌و جوڵەیەکی پیّ دەبەخشیّت، وەکو (احمد زکی ابو شادی) کە وای لە سروشت کرد وەکو بوونەوەریّکی زیندوو مامەڵەی هەبیّت ، لەیەکیّك لەهۆنراوەکانیدا دەڵیّت:

| | |
|---|---|
| ما بال هذه الشمس ترسل وجدها | فوق اللهیب علی المیاه حیالي |
| ما بال هذا الموج یخفق هکذا | خفق الحیاة توثبت لزوال[5] |

## تازەگەریو رۆمانسیزم لەقوتابخانەی ئەپۆلۆدا:

قوتابخانەی ئەپۆلۆ لەبەر چەند هۆکارێك دەرکەوت، یەکێك لەوانە دروست بوونی قوتابخانەی (دیوان) بوو کە پێش قوتابخانەی ئەپۆلۆ دروست بوو و هەوڵی دا بۆ تازەگەری لەبواری ئەدەبدا، بەلأم ئەو قوتابخانەیە نەیتوانی بەتەواوی دووربکەوێتەوە لە کاریگەریی ئەدەبی کلاسیکی، کە قوتابخانەی ئەپۆلۆ دروست بوو ئەو ئەرکەی قوتابخانەی دیوانی تەواو کردو بەتەواوی دوورکەوتەوە لە زاڵبوونی کلاسیکیەت بەسەر ئەدەبدا.

جیاوازییەکی ئاشکرا هەبوو لەنێوان قوتابخانەی دیوانو ئەپۆلۆ، ئەو جیاوازییە لە بیروباوەڕو ئامانجدا نەبوو، بەڵکو لەشێوەی گەیشتن بەو ئامانجانەدا.

بابەتەکانی ئەم قوتابخانەیە جیاواز بوو لەبابەتەکانی قوتابخانەی دیوان، بابەتەکانی قوتابخانەی ئەپۆلۆ بریتی بوون لەبابەتی خۆشەویستیو فەلسەفیو تێڕامان لەژیانو بوون. ئەو شاعیرانە پەنایان دەبردە بەر سروشت بۆ ساڕێژکردنی زامەکانیان.

شیعری شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە بە وشەی جوانو کاریگەر بە سۆزێکی زۆرو بە رستەی جوان ناسرابوون، تازەگەری سەرجەم بوارەکانی شیعری گرتەوەو لەشێوەی شیعریو ناوەرۆکیشدا تازەگەری کرا.

قوتابخانەی ئەپۆلۆ زۆر گرنگیی دا بەفۆڕمو ناوەرۆك، بەشێوەیەك کە زۆر بایەخی بەمانا بەرهەمەکانی دەدا، کە ئەبوایە بەشێوازێکی جوانو لەهەمانکاتدا مانایەکی گەورە ببەخشێت.(6)

## سەرەتاکانی شیعری ئەحمەد هەردی:

سەرەتای دەستپێکردنی بەرهەمی شیعری ئەحمەد هەردی دەگەڕێتەوە بۆ چلەکانو لەشیعری (ئەی دیدەپەری)یەوە دەکەوێتەڕێ.

هەردی لەگەڵ ئەوەشدا کە خاوەنی سامانێکی چێژو کارتێکردنو تەزووی بەخشینی بەرهەمی شاعیرانی وەك (نالیو سالمو مەولەویو حەمدیو پیرەمێرد)ەو دەسەڵاتێکی شاعیرانەی تەواوی بووە، کە لەسەر تانو پۆی هەورازو نشێوەی شیعری چاولێکەریی کلاسیکی بکەوێتە جموجوڵو بەرهەمهێنان، کەچی هەر لەسەرەتای تەمەنی شیعرییەوە تامەزرۆی بابەتێکی رۆمانسیانەی وەها بووە:

ئەی دیدەپەری! بەو دەمە، بەو کوڵمە گوڵینە
بۆ کەس نییە تا سەر، ئەوەرێ ئەو گوڵی ژینە
تا سەر نییە ئەم نازە وەها دووری مەبینە
ئەو چاوە گەلاوێژە خەلأتی کە برینە
ئەو زوڵفە کە ئێستاکە دووتوێی عەنبەری چینە
رۆژێکی کە دێ تێکەڵی توێی خاکی زەمینە
ئەمرۆ دڵی بێچارە ئەبەی ئەیخەیە ناو داو

نایزانی سبەینێ ئەکەوی سەرکزو داماو
ئەو جوانییە ئەڕواتو لەچاو گوم ئەبێ وەک ئاو
ئەو رۆژە ئەبێ دائیمە هەر بێنیە بەرچاو
تا رەحمێ بکەی ئێستەکە بەم زامو برینە
سەرکز نەبی لەو جێگە بێ سامانی زەمینە

ئەوەت بەم مەسەلەی بەراوردی نێوان ژیانو مردنە دەست پێ دەکات، وەك شاعیرە رومانسییەکان پەپولەی گیانی بەشوێن بۆنی گوڵو نهێنییەکانی ژیانو مردنو نەماندا وێڵو ئاوارەیە.(7)

لە ڕێڕەوی شیعرەکانی (رازی تەنیایی)دا وا دەردەکەوێت کە ئەم شاعیرە، لەمەیدانی دڵداریو خۆشەویستیدا هەر چاوەڕوانێکی بێ هودەو لەبەخێوکردنو خەمخۆریو پەروەردەی ئەو باخچەیەدا تەنها باخەوانێکی رەنجی بێوەر بوو بێتو بەس..

ئەوەتا لەشیعری (دڵداری کچی تازە)دا دەڵێت:

ئەم دڵەی وەک بت پەرستێ رووئەکاتە چاوەکەت
نوێژ ئەکا بۆ تیشکی چاوو زوڵفە تێک ئالاوەکەت
گەرچی ئەیشێلی بەزەبری قۆندەرەو پێلاوەکەت
قەت بەدڵڕەق باست ناکەم، نایزڕێنم ناوەکەت
چونکە ئەیزانم تەلاری یارە خوا پێداوەکەت
مەستی کردووی، بۆیە نابینێ لەعاستم چاوەکەت
باخەوان بۆ ئەو مەبەستە گوڵ ئەلاوێنێتەوە
بۆ ئەوەی گەورەی بکاو بۆ پارە بیگۆڕێتەوە
بیفرۆشێ بەو کەسەی خەڵقی ئەڕوتێنێتەوە
بۆ ئەوەی مێزی شەرابی پێ برازێنێتەوە
کچ لەلای ئێمە گوڵێکە بۆیە پەروەردەی ئەکەن
تا برازێنێتەوە مێزی شەرابی دەوڵەمەن

هەنگاوی یەکەمی شیعرەکە هەمان چیرۆکی خۆشەویستیی شاعیرەو دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لەپاڵ سکاڵاو دەربڕینی خۆشەویستیو هەستی جوانی پەرستییەکەدا هۆیەکی کۆمەڵایەتییە، کەوا دیارە تەگەرەیەکی سەرەکیی نێویانە، لێرەدا سەری هەڵدا.(8)

**<u>کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی لەسەر ئەحمەد هەردی:</u>**

ئەتوانین بەڵگەیەك بهێنینەوە لەسەر ئەوەی ئەحمەد هەردی شیعری بەزمانی عەرەبی نووسیوە، ئەو بەڵگەیەش قسەی خۆیەتی لەپێشەکیی (رازی تەنیایی)دا کە ئەوە ئەسەلمێنێت کە شاعیر شیعری هەیە بەزمانی عەرەبی، کە دەڵێت:

"شیعرێکی عەرەبیم هەیە بەناونیشانی (صلوات المحب) لام وابێ ئەمە دووەم جارە شیعر بەعەرەبی بڵێم، یەکەمیان هێشتا قوتابی بووم لە(مامۆستایان)، لەئەنجامی گرەوێکدا نووسیم، داخەکەم ئێستا هەر چواردێڕی یەکەمم بیرماوە بەهەرحاڵ، بێینە سەر باسی (صلوات المحب)، لەو ساڵەدا کە لام وابێ (1951) بوو، گۆڤارێکی ئیستگەی رادیۆی لبنانیم دەستکەوت، وا بزانم (هنا بیروت)ی ناوبوو، زۆرتر لەبەر ئەوە کڕیم شیعرێکی عەرەبیی تێدا بوو، کە ئێستا لەبیرم نەماوە رەنگە (قطرات ثلاث)ی (ئەحمەد سانی) بێ.

هەروەها چاوم بەگۆڤارەکەدا ئەگێڕا، (گرەوێکی شیعری) تیدا بوو بۆ شاعیران، کە هەر کەسێك بتوانێت شیعرێکی دڵداری بۆ رادیۆی بەیروت بنووسیّو لیژنەی تایبەتی ئێستگە پەسەندی بکات، خەڵات ئەکرێتو سێ خەڵاتی بۆ دانرابو یەکێك لەمەرجەکانی ئەوەبوو (10) شیعر لەوانەی لیژنەکە پەسەندی ئەکات ئاوازی بۆ دابنرێتو ببێتەماڵی ئێستگە.."[9]

ئەم قسەیەی ئەحمەد هەردی خۆی ئەوە ئەگەیەنێت کە نووسینی شیعر بەزمانی عەرەبی ئەوەنە کارێکی قورسو نامۆ نەبووە لەلای شاعیر، بەڵکو شیعری هەیە بەو زمانەو خۆی باسی دەکات.

هەندێك بەڵگە هەیە ئەوە ئەسەلمێنن کە شیعری عەرەبی زۆر کاری لە ئەحمەد هەردی کردووە، هەر ئەو کاریگەریە بووە بەهۆی دەرکەوتنی هەندێ بابەت، کە لەلای شاعیرە عەرەبییەکاندا باو بوو، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەحمەد هەردی تەنها شارەزایی نەبووە لەشیعری گەلەکەی خۆی، بەڵکو شارەزایی لەشیعری گەلانی تریش هەبووە بەتایبەتی شیعری عەرەبی.

"شیعرم هەبووە بەناوی (فەلسەفەی دڵداری) کە یەکێکە لەشیعرە جوانەکانی (شیللی)و من لەکاتی خۆیدا لەگۆڤاری (المجلە)ی (عبدالحق فاضل)ەوە وەرمگێڕابووە سەر کوردیو لەساڵی (1939)دا لە(14ی ئەیلول) لەڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لەپاشا لەژمارە (3-4)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ساڵی (1942)دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ناوکەی گۆڕاوە بە (فەلسەفەی دڵداران)".[10]

ئەحمەد هەردی لەشیعرەکەی (فەلسەفەی دڵداران)دا دەڵێت:

کە جۆگا تێکەڵی چەم بێو چەمیش تێکەڵ بەدەریابێ شەماڵیش پڕ لەهەست بێ، نیە شت تاکـو تەنیابێ.[11]

کەواتە ئەحمەد هەردی نەك هەر شیعری عەرەبی کاری لێ کردووە، بەڵکو بەو زمانەش شیعری نووسیوە، لەبەر ئەوەی شیعری عەرەبی زۆر کاریگەر بووە بەشیعری ئینگلیزیو فەرەنسی، ئەوە شیعری ئەحمەد هەردیش هەر کاریگەر بووە بەشیعری شیللیو شاعیرانی تر.

**کاریگەریی قوتابخانەی ئەپۆلۆ لەسەر ئەحمەد هەردی:**

کۆمەڵێك لەچێژو رێبازو زبری لەو سەردەمەدا وای لە ئەحمەد هەردی کرد شیعرێکی (شیللی) بکات بەشیعرێکی کوردیو سفتو سۆی کام و ئارەزووی دڵی تینوی تاڕادەیەك پێ دابمرکێنێتەوە، بڵێت:

کە جۆگا تێکەڵی چەم بێو چەمیش تێکەڵ بەدەریا بێ

شەماڵیش پڕ لەهەستی بێ نییە شت تاکـو تەنیابێ

بەقانونی خودا ئەشیا ئەبێ تێکەڵ بەیەکتر بن
ئیتر بۆچی منو تۆ تێکەڵی یەکتر ببین نابێ؟!!
کە کێوو کەژ بکەن ماچی هەموو ئاسمانی بەرزو شین
شەپۆلیش هەروەکو دڵدار، لەمل یەک دەستی ئاڵا بێ
ئەبەد نابێ کە خوشکی گوڵ، برای دەرکاتو لێی دووربێ
کە تیشکی رۆژ، زەمینی هەروەکو دولبەر لەکۆشا بێ
ئەوا مانگیش ئەکا ماچی بەحر، گەر تۆش نەکەی ماچم
هەموی بێ کەڵکە ئەم ماچانە، بێ تۆ فائیدەی نابێ.[12]

هەردی (رازی تەنیایی)دا شاعیرێکی وەك خۆیشی دەڵێت: (دڵشکاوو خاوەنی ئاوازێکی گریاناویو پڕ لەنائومێدییەو بۆ ئافرەتو دڵداری ئەلاوێنێتەوە)..

ئەم رواڵەتانەش دەقاودەق بابەتی بەرهەمی شاعیرێکی رۆمانسییە، کە بایەخێکی ئێجگار زلو بێ سنور بەسۆزو عاتیفە دەداتو خۆیو کاروبارە تایبەتییەکانی سەر بەهەستو ئەندێشەو ژانو داخو پەژارەی خۆی دەکات بەهەوێنی مەیاندنی شیعری بەهرەو بەرهەمەکانیو بەس.[13]

**کاریگەریی (ابو القاسم الشابی) لەسەر ئەحمەد هەردی:**

ئەحمەد هەردی زۆر کاریگەر بووە بەقوتابخانەی ئەپۆلۆ، کە لەچەند شاعیرێك پێك هاتبون هەروەها شاعیرانی قوتابخانەی ئەپۆلۆ زۆر کاریگەر بوون بەشاعیرانی رۆمانتیکیەتی رۆژئاوا، وەکو (شیللی–کیتس–وردزورپ..) ئەمە وای کرد شاعیر ئەحمەد هەردی کاریگەر بێت بەشیعری ئەو شاعیرانە.

دیارە هەندێ هۆکار هەیە کەوای لە ئەحمەد هەردی کرد کە کاریگەربێت بەشاعیرانی ئەپۆلۆ، لەوانەیە هەندێ کەس پێی وا نەبێت کە ئەحمەد هەردی کاریگەر بووە بەو قوتابخانەیە.. بەڵام بەلای ئێمەوە وەکو بیروڕایەك پێمان وایە کە شیعری (صلوات المحب)[14]ی ئەحمەد هەردی کە پێشتر باسمان کردو بەعەرەبی نووسیویەتی لێکچوونێکی هەیە لەناونیشاندا لەگەڵ شیعری (ابو القاسم الشابی) کە بەناونیشانی (صلوات فی هیکل المحب)[15] ئەم لێکچوونە ئەوە ئەگەیەنێت کە لەوانەیە شاعیر ئاگاداری (ابو القاسم الشابی) بووبێت، کە ئەم شیعری نووسیبێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت بەڵکو ناونیشانەکەی نزیکە لەناونیشانی پێشوو، بەڵام کە دێینە سەر ناوەرۆکی ئەم دوو شیعرە ئەبینین کە هەریەك لەو شاعیرانە شێوازی خۆیی هەبووە لەنووسین، لەوانەیە ئەو شیعرەی (ابو القاسم الشابی) سەرنجی ئەحمەد هەردیی راکێشابێتو لەگەڵ ئەوەشدا ویستبێتی کەسایەتیو روخساری تایبەتی خۆی دەرخات لەو شیعرەدا.

**صلوات فی هیکل الحب**

ابوالقاسم الشابي

| | |
|---|---|
| عذبة انت كالطفولة، كالأحلام | كاللحن، كالصباح الجديد |
| كالسماء الضحوک كالليلة القمراء | كالورد، كابتسام الوليد |

يالها من وداعة وجمال وشباب منعم املود!
يالها من طهارة، تبعث التقدير س فى مهجة الشفتى العنيد..!
يالها رقة تكاد يرف الور د منها فى الصخرة الجلود!
أي شيء تراك؟ هل انت "ظينيس " تهادت بين الورى من جديد
لتعيد الشباب والفرح المعسول للعالم التعيس العنيد!
ام ملاک الفردوس جاء الى الار ض ليحي روح السلام العهيد!
انت..، ما أنت؟ رسم جميل عبقري من فن هذا الوجود
فيک مافيه من غموض وعمق وجمال مقدس معبود
أنت. ما أنت؟ انت فجر من السحر تجلى لقلبى المعمود
فأراه الحياة فى مونق الحسن وجلى له خفايا الخلود
انت روح الربيع، تختال فى الدنيا فتهتز رائعات الورود
وتهب الحياة سكرى نمن العطر، ويدوي الوجود بالتغريد
كلما ابصرتک عيناي تمشين بخطو موقع كالنشيد
خفق القلب للحياة، ورف الزهر فى حقل عمري المرود
وانتشت روحي الكئيبة بالحب وغنت كالبلبل الغريد
انت تحين فى فؤادي ماقد مات فى امسي السعيد الفقيد
وتشيدين فى خرائب روحي ما تلاشى فى عهدي المجدود
من طموح الى الجمال الى الفن، الى ذلک الفضاء البعيد
وتبضين رقة الشوق، والاحلام والشدو، والهوى، فى نشيدي
بعد ان عانقت كآبة أيامي فؤادي، وألجمت تغريدي
فيک شب الشباب، وسحه السحر وشدو الهوى، وعطر الورود
وتراعى الجمال، يرقص رقصا قدسيا، على اغاني الوجود[16]

صلوات المحب

ئەحمەد هەردی

منذ أن اشرقت فى دنيا الغرام
تشكبين السحر فى جفن الوجود
بت كالنشوان من خمر الهيام
انطق القيثار من لحن الخلود

يا مثال الفن، يا طيف الاله!
فى حنايا القلب قلبى المعبد
بسمة ترنو على تلک الشفاه
تغمر الدنيا: بنور سرمدي...!



بسمة توحي لأذهان الزهور
سر ذياک الغدير الناعس
تنعش اليمال، نشوى بالحبور
فى فؤادي المستهام اليائس.

فأبسمي كالزهر فى وجه الصباح
أو كآمالي التى لا تنتهي
واسكري العشاق بالخمر المباح
من ثنايا ذلک الثغر الشهي

ثغرک السابح فى موح السنا
فاض من وجه سماوي ودي
دافى كالشوق من جفن المنى
رائع كاسحر... كالفن الرفيع(17)

نالی

**ئەنجام**

ئەحمەد هەردی توانیویەتی شیعرەکانی خۆی لە(رازی تەنیایی) کۆبکاتەوە، ئەم شاعیرە خاوەنی شێوازێکی تایبەت بەخۆی بووە، زۆر کاریگەر بووە بەشیعری رۆمانتیکی بەگشتیو بەشێوازو ناوەرۆکی شاعیرانی ئەپۆلۆ، ئەمە وای لێ کردووە جیاوازبێت لەشاعیرانی تر، شاعیرانی قوتابخانەی ئەپۆلۆ بایەخێکی زۆریان داوە بەسروشتو خۆشەویستی، هەوڵیان داوە خۆشەویستی بەرفراوان بکەنو بیگەیەنن بەهەموو رووەکانی جیهان، پەنایان دەبردە بەر سروشت بۆ ساڕێژکردنی زامەکانیانو پێیان وابوو کە تەنها سروشت توانای ئەوەی هەیە کە ئەو هەستو سۆزە فراوانەی ئەو شاعیرانە لەخۆبگرێت، شاعیرانی ئەپۆلۆ زۆر کاریگەربوون بەشاعیرانی رۆژئاوا کە رۆمانتیکی بوون، ئەمە وای لە ئەحمەد هەردی کرد کە شیعری زۆر جوانو پڕ مانا بنوسێت، کە تا ئەمڕۆ خوێنەر چێژێکی زۆری لێ ئەبینێت.

**پەراوێزەکان:**

1.مذاهب الادب (معالم وانعكاسات)، د.یاسین الایوبي، ص288.
2.هـ.س، ص294.
3.مذاهب الادب (معالم وانعكاسات)، د.یاسین الایوبي، ص289.
4.مذاهب الادب (معالم وانعكاسات)، د.یاسین الایوبي، ص292.
5.مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث، د.سالم احمد الحمداني، ص136–138.

6.الادب العربي الحديث دراسة في شعره ونثره، د.سالم احمد الحمداني، د.فائق مصطفى، ص167-168.

7.کاروانی شیعری نوێی کوردی، حەمە حەمە ئەمین قادر (کاکەی فەللاح)، ل137.

8.کاروانی شیعری نوێی کوردی، حەمە حەمە ئەمین قادر (کاکەی فەللاح)، ل156.

9.رازی تەنیایی، ئەحمەد هەردی، ل14.

10.رازی تەنیای، ئەحمەد هەردی، ل13.

11.هەمان سەرچاوە، ل49.

12.کاروانی شیعری نوێی کوردی، حەمە حەمە ئەمین قادر (کاکەی فەفلاح)، ل138.

13.هـ.س، ل146.

14. رازی تەنیای، ئەحمەد هەردی، ل81.

15.دیوانی ابو القاسم الشابی، ابو القاسم الشابی، ص303.

16. دیوانی ابو القاسم الشابی، ابو القاسم الشابی، ص303-304.

17.رازی تەنیایی، ئەحمەد هەردی، ل81-82.

**سەرچاوەکان:**

1.الادب العربي الحديث -دراسة في شعره ونثره، د.سالم احمد الحمداني، د.فائق مصطفى احمد، دار الكتب- جامعة الموثل 1987.

2.ديوان أبو القاسم الشابي، أبوالقسم الشابي، دار العودة- بيروت 1972.

3.رازی تەنیایی، ئەحمەد هەردی (ئەحمەد حەسەن عەزیز)، کتێخانەی نیشتمانی، بەغدا 1984.

4.کاروانی شیعری نوێی کوردی، حەمە حەمەئەمین قادر (کاکەی فەللاح)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا 1978.

5.مذاهب الادب- معالم وانعكاسات-د.ياسين الايوبي، طرابلس 1980.

6.مذاهب الادب العربي ومظاهرها في الادب الاعربي الحديث، د.سالم احمد الحمداني، كلية الاداب- جامعة الموصل 1989.